خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: عومەر عەلی

# ڕۆشنبیر

ژمارە (٣) – زستانی ٢٠١١

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، ناوبەناو لە هەولێر دەر دەچێت

## لافاوەکەی تایلەند

ن: عومەر عەلی

چەند ڕۆژێکە لافاوێکی زۆر بەهێز تایلەندی گرتووەتەوە، چەندان کەس بەهۆی ئەو لافاوەوە گیانیان لەدەستداوە، تاکو ڕێکەوتی (٢٠١١/١١/٦)، دەکاتە ڕۆژی یەکشەممە، یەکەم ڕۆژی قوربانی پیرۆز، پێنج سەد و شەش کەس گیانیان لەدەستداوە.

## نوکتە

★ جارێك منداڵێ بە باوکی دەڵێ: باوکە دەهۆڵم بۆ بکرە. باوکیشی دەڵێ: نا کوڕم دوایی ناهێڵێ پشوو بدەین، کوڕەکەش دەڵێ: نا بەخوا، ئەو کاتانەی دەخەون لێیدەدەم.

★ ژنێ بە پیاوەکەی دەڵێت: با مەڕێ بکەینە خێر.. پیاوەکەش دەڵێت: ئاخر دوێنێ دایکم مرد، نابێ؟ ژنەکەش دەڵێت: ئێ مەڕێ شرەش دەکرین.

## بومەلەرزەکەی شاری وان

ن: عومەر عەلی

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، بومەلەرزەیەکی بەهێز شاری (وان)ی باکوری کوردستانی گەورەی هەژاند، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی گیان لەدەستدانی چەندان کەس و بریندار بوونی چەندینی تریش. هیوادارم لەلایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە، یارمەتییان بدرێ، وەك چۆن لەلایەن حکومەتی هەرێم و خەڵکی باشوری کوردستانەوە کۆمەك بۆ خەڵکی لێقەوماوی شاری وان کۆکرایەوە. هەروەك زۆر پێخۆشحاڵم، کە هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك یارمەتی شاری (وان)یان داوە.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەو هاوڕێ و دۆستانەم دەکەم، کە هاوکارییان کردم، لە دانانی ژمارە (٣)ی بڵاوکراوەکەمان.

ستافی بڵاوکراوەی ڕۆشنبیر

Xaweni `ymtyaz u Sernûser; `Umer `eli

# ŘOŞINBÎR

Jimare (3) – Zistani 2011

Bilawkiraweyeki Roşinbiri Giştî Serbexoye, Nawbenaw Le Hewlêr, Derdeçet

دوالاپەڕە

## مارکۆن داهێنەری ڕادیۆ

ڕۆژێك مارکۆن ڕۆیشت بۆ ی هاوڕێکانی وتی: بڕوا بکەن خۆیشم نازانم، بەڵام هەر دەبێ شتێکی بەسوود دروست بکەم. ساڵی (١٨٩٠ز) توانی ڕادیۆیەك دروست بکات، ساڵی (١٩٠٥ز) ژیانی هاوسەری پێکهێنا. ساڵی (١٩٠٩ز) خەڵاتی نۆبڵ بە مارکۆن بەخشرا. ساڵی (١٩٣١ز) لە شاری ڤاتیکا دروستکردنی ڕادیۆ بڵاوبووەوە، خەڵکی زۆریان پێخۆش بوو. لە (١٩٣٧/٧/٢٠ز) بەهۆی نەخۆشی دڵ، کۆچی دوایی کرد.

**سەرچاوە: گۆڤاری مشکە، ژمارە (٤٧)**

---

## بۆچی ئەوروپا بۆ پێشکەوتووە و کوردستان بۆ دواکەوتووە؟

ن: عومەر عەلی

ئەوروپا لە ڕووی ئاو و هەواوە فێنکە لەچاو کوردستان، بەڵام لەڕووی پێشکەوتنەوە دەبووایە کوردستان پێشکەوتایە، کەچی زۆر بە داخەوە ئەوروپا جێگەی کوردستانی گرتەو، چونکە لە کوردستان زۆربەی کارگەکان لە کارکەوتوون و هەوڵنادرێ بۆ چارەسەرکردنیان لەلایەن لایەنە پەیوەندارەکانەوە، یان سەوزە لە وڵاتانی دراوسێ دێت بۆمان، بۆیە هیوادارم جوتیارەکانمان بچنەوە ناو ژیانی گوند و سەوزەو بەرهەمی وڵاتی خۆمان بێ نەك هی وڵاتانی دراوسێ. ئەو هەموو پارەی دەدرێتە وڵاتانی دراوسێ بۆ کڕینی سەوز و میوە لە خەزێنەی دەوڵەت بمێنێتەوە باشتر نییە؟

# ژیانی ڕیکاردۆ کاکا

**ن: محەمەد وەلید حەمەد ئەحمەد**

لە تەمەنی هەشتساڵیدا خولیا و عەشقی تۆپی پێ بووە، لە هاویناندا باوکی دەیبرد بۆ یاری تۆپی پێی منداڵان، لەکاتێکدا چووە پۆلی سێی ناوەندی چوو بۆ خولی گەنجان، سەردانی وڵاتانی (دانیمارك، ئەرجەنتین) و شاری (واشنتۆن)ی کرد، لەو شوێنانە خوێندنی تەواو کردووەو گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی خۆی، کە وڵاتی (بەرازیل)ە، لەوێ بووەتە یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل، لە تەمەنی (٢٢)ساڵیدا ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و دوو منداڵی هەیە، بە ناوەکانی (سام و کۆردی)، سام تەمەنی پێنج ساڵە و کۆردی سێ ساڵە. خۆشترین ڕۆژی کاکا: کاتێ بووە بە یاریزان، کاتێ سام و کۆردی لەدایکبوون. یەکەم مووچەی داوە بە ئۆتۆمبێلێکی ڕەش، چونکە کاکا حەزی لە ڕەنگی ڕەشە، ساڵی (٢٠٠٩ز) یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، بە بڕی (٦٤٠٠٠٠٠٠) شەست و چوار ملیۆن دۆلار کاکای کری و کاکا زۆر شانازی بە یانەی ناوبراوەوە دەکا.

## پرسیار

١. مشێوولە چەند دڵی هەیە؟ (٣)دڵ

٢. باشترین یاریزانی مۆندیالی (٢٠١٠) کێ بوو؟ (مۆلەر)ی ئەڵمانی

٣. چ وڵاتێك بۆ یەکەم جار مافوری دروست کرد؟ (ئێران)

٤. ڕووبەری ڕوسیا چەندە؟ (١٧٠٥٧٠٠٠ کم٢)

٥. دەستی مرۆڤ چەند ئیسکی تێدایە؟ (٢٧ ئێسك)

## جەژن

**وا جەژن گەڕایەوە**
**کوردستا نمان گەشایەوە**
**باخچەکانی لادێ و شار**
**پڕ دەبن لە گوڵی جوان**

**شیعری: سۆران نەدار**



# ژیانی کەریم بنزیما

**ن: عەبدولموئمین گەردی**

بنزیما یەکێکە لە یاریزانە هەرە باشەکانی یانەی ڕیال مەدرید، ساڵی (١٩٩٣ز) بووە بە یاریزان لە هەڵبژاردەی فەرەنسا، یەکەم گۆڵی ئەم یاریزانە بەرامبەر ئەرجەنتین بوو، ساڵی (١٩٩٩ز) باوکی کۆچی دوایی کردووە، ساڵی (٢٠٠٧ز) یانەی ناوبراو ئەم یاریزانەی کڕی، بە بڕی (٢٢٠٠٠٠٠٠) بیست و دوو ملیۆن یۆرۆ، سەردانی ئەم شارانەی کردووە (مایۆرکا و بەرلین)، لە بەرلین خوێندنی تەواو کردووە، ساڵی (٢٠٠٢ز) خێزانی پێکهێناوەو منداڵێکی هەیە، بە ناوی (سام)، یەکەم مووچەی داوە بە ئۆتۆمبێلێکی سوور لە جۆری (BMW-X5) هەروەها بڕوانامەی باڵای هەیە، دوو ڕۆژی خۆش لە ژیانی بنزیما هەیە، ئەوانیش: لەدایکبوونی سام و وەرگرتنی بڕوانامەی باڵا. لە هاوینان سام دەچێ بۆ یاری تۆپی پێ لە یانە فەرەنسییەکان، بنزیما دەڵێت: من یانەی ڕیال مەدرید جێناهێڵم و کوڕەکەم (سام)، جێی من دەگرێتەوە. بنزیما حەزی لە ڕەنگی سوور و سپی و سەوزە. بنزیما لە بنەڕەتدا خەڵکی وڵاتی (جەزائیر)ە.

## دۆلفین

**ن: حاتەم باتاسی**

گیاندارێکی دەریاییە و لە زۆر ڕووەوە لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی لە دیمەندا لە ماسی دەچێ، دۆلفین لوتی نییە هەناسەی پێبدات، بەڵکو لەڕێگای سییەکانەوە هەناسە دەدات.

دۆلفین لەسەر پشتی کونێ هەیە، دێتە سەر ئاو و هەناسە دەدات، کە ئەو کونە مرۆڤێ دەکێشێ، کلکی دۆلفین شێوە ئاسۆییە، بەڵام کلکی ماسی ستوونە، هەروەها کلکی دۆلفین لە لاشەی جیایە، بەڵام هی ماسی لەگەڵ لاشەی یەکە، دۆلفین درێژییەکە (١،٧٥سم)ەو (٨٠ — ١٠٠) ددانی هەیە.

**سەرچاوە:**
**گۆڤاری مشکە، ژمارە (٤٧)**